# دنیای منداڵان

١٢٧

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

بەفرانباری ١٣٩١ - ژانویەی ٢٠١٣



دوو منداڵە کوردی
خۆرئاوای کوردستان

تۆ بڵێی بگەڕێمەوە
نیشتمانەکەم!
یان
نیشتمانم جێی
هێشتووم؟









# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

دەستەی نووسەران:
هانا وریا، شیلان قوربانیفەر، بێگەردعەلیپوور

فتۆشاپ و دیزاین: مینا سوڵتانزادە

**پەیوەندی:**
www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com






# هەڵاڵە و بووکەبەفرینەکەی

- هەڵاڵە گیان دەزانی چیە، منیش بە قەت تۆم پێ خۆشە، بەڵام نابێ ئاوا بچیتە دەرێ.
- ئەدی چۆن بچم، ئێستا بەفرەکە تەواو دەبێ، منداڵ هەموو لە دەرێن.
- بەڵام ئەوان هەموویان خۆیان گەرم داپۆشیوە، کڵاو و ملپێچی گەرمیان لەگەڵ خۆیان بردوە، دەستەوانەیان لە دەست کردوە، سارد و سەرمایە، ئەگەر وانەکەن نەخۆش دەکەون.
- باشە منیش وادەکەم، دایە زووکە سازم کە...
- ئافەرین کچە جوانەکەم. راستە شەرە تۆپەڵە خۆشە، خلیسکێن لە سەر بەفر خۆشە، بەڵام دەبێ ئاگات لە خۆت بێ سەرمات نەبێ، نەخۆش نەکەوی، دەنا دوایە هەموو ئەو خۆشییانەت لێ دەبێتەوە هیچ.
- بابە ئەمن دەمەوێ بووکە بەفرینەیەکی گەورە گەورە ساز بکەم.
- باشە کچی من، برۆ و، ئەوە منیش دوگمە و گێزەر و جلەکانی بۆ دێنم...





# یەڵدا

یەلدایە، یەلدا، شەوی یەلدایە — گەورە پیاوی کورد هاتە دوونیایە
هەموو دڵ خۆشین لەشەوی یەڵدا — چونکە ئەم شەوەی چرا هەڵ کرا

کردمانە خۆشی و هەڵپەرکی و حەیران — کردن بە شادی و بە بەزم و سەیران
هەمو ئەو شەوەی بە چەپڵە ڕێزان — گوتمان بەخێر بێی سەرکردەی کوردان

ڕەبی بەخێر بێی بۆ سەر ئەم خاکە — کوێر بی ئەم چاوە بە تۆ هیلاکە
تۆ وەکوو چرای هەتا هەتایە — بزە و ڕووناکیت کۆتایی نایە

**دیاریی ئەوین مرادی**

# بەختی باش و خراپ

پیاوێکی پیر لە دێیەکی بچووک دا دەژیا، ئەو تەنیا کوڕێک و ئەسپێکی هەبوو.
ڕۆژێکیان، ئەسپی کابراکە هەڵات.
خەڵکی دێیەکە بۆ هاودەردی لەگەڵ پیرەپیاوەکە، چوونە ماڵەکەی و پۆل پۆل سەردانیان کردو پێیان گوت: « بەڕاستی کە شانسێکی خراپت هەیە«.
کابرا وەڵامی دانەوە و گوتی: «کێ دەڵێ ئەوە لە بەختی خراپی منە؟!!»
ئەوانیش وەڵامیان داوە و گوتیان:- «ئەوە شتێکی ئاشکرایە، ئەگەر بەختت خراپ نەبێ، ئەوەت بەسەر نایەت».
حەوتوویەک بەسەر دا تێنەپەڕی، ئەسپەکە لەگەڵ بیست ئەسپی دیکە گەڕایەوە.
خەڵکی دێیەکە بۆ دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان بۆ پیاوە پیرەکەو پیرۆزبایی کردن لێی، دەستە دەستە سەردانیان دەکرد.
پێیان گوت:- «شانسی چاکت هەیە».
کابرا وەڵامی دانەوە و گوتی: «کێ دەڵێ ئەوە لە بەختی باشی منە؟!!»
ئەوانیش وەڵامیان داوە و گوتیان: «ئەوە ڕوون و ئاشکرایە، ئەگەرشانسی چاکت نەبا، ئەوە ڕووی نەدەدا».
ڕۆژی دواتر، کوڕی پیاوە پیرەکە، لە ئەسپ بەردەبێتەوە و قاچێکی دەشکێ.
خەڵکی دێیەکە بۆ هاودەردی لەگەڵ پیرەپیاوەکە، چوونە ماڵەکەی و دەستە دەستە سەردانیان کردو پێیان گوت: «بەوەی دەڵێن بەختی خراپ».
کابرا وەڵامی دانەوە و گوتی:- «کێ دەڵێ ئەوە لە بەختی خراپە؟!!»
ئەوانیش وەڵامیان داوە و گوتیان:- «ئەوە شتێکی ئاشکرایە، ئەگەر بەختت باش بوایە ئەو بەڵایە بەسەر کوڕە تاقانەکەت نەدەهات».

چەند رۆژ دواتر، هێزە دەوڵەتییەکان هاتنە دێیەکە و هەرچی کوڕی لاوی چوست و چابوک لەو دێیەی دابوو، کۆیان کردنەوە و لەگەڵ خۆیان بردیانن بۆ شەڕ.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە لاقی کوڕی ئەو کابرایە شکا بوو، لێی خۆش بوون و ئەو لەگەڵ باوکە پیرەکەی مایەوە.

خەڵک بۆ پیرۆزبایی دەستە دەستە دەهاتنە لای پیرەپیاوەکە و پێیان گوت: «بەختی چاکت هەیە».

ئەویش وەڵامی دانەوە و گوتی:_ «..........».

لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە، لە ژیانمان دا زۆر شت ڕوودەدەن کە نارەحەتمان دەکەن و پێمان وایە باش نین، بەڵام دواتر دەزانین کە هەر ئەو ڕووداوە ناخۆشانە لە زۆر ڕووداوی تر ڕزگارمان دەکەن.

خودا زانایە، دەزانێت لە چ کاتێک دا چیمان لێ بستێنێ و لە چ کاتێک دا شتی باشترمان پێ ببەخشێت.

**هانا وریا**








سەید برایم بەرزنجی، شاعیر و کەسایەتیی ناوداری کوردی خەڵکی کۆیەیە.

سەید برایم ساڵی ١٣٠٥ ی هەتاوی لە شاری کۆیە لە دایک بووە و لەبەر هەست ناسکی و هۆگریی زۆری بە شێعر و ئەدەبیات، لە تەمەنی مێرمنداڵیەوە دەستی کردوە بە شێعر نووسین.

سەید برایم شیعرەکانی لە گۆڤاری ژین و گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە و هەروەها دوو کۆمەڵە شێعری لە چاپ دراویشی هەیە.

سەید برایم مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخواز بووە، لە تەمەنی لاویدا کار و تێکۆشانی سیاسی کردوە و هەر بەو هۆیەوە چەندین جار خراوەتە بەندیخانە.

سەید برایم لە دوای مەرگی خۆیشی چەندین دەستنووسی بە جێهێشتووە و «رابردووی ژیان» یەک لەوانە کە بیرەوەریەکانی خۆی تێدا گێڕاوەتەوە.

«گاڵتە و گەپ» کە زیاتر قسەی خۆش و نەستەقن و، «هەگبەی برژاو» کە بابەتی گشتی، زانیاری، مێژوویی، فۆلکلۆری و ئەدەبین؛ دوو بەرهەمی دیکەی سەید برایمە کە تا ئێستا لە چاپ نەدراون.

سەید برایم هاوینی ساڵی ٧٧ ی هەتاوی لە شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد و لە چیای هەیبەت سوڵتان بە خاک سپێردرا.

دوای مردنی سەید برایم بنەماڵەی ئەو گەورە پیاوەی کورد هەموو ساڵێ «خەلاتی سەید برایم» بەو کەسانە دەبەخشن کە لە بواری ئەدەبییاتی کوردی دا چالاکن و داهێنان دەکەن. ئەو خەلاتە ئەمساڵ بە مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە، تێکۆشەری سیاسی و ئەدیبی ناسراوی گەلەکەمان درا.

ئا: شیلان



# وەرزی زستان

هاتەوە وەرزی زستان
بەفرانبار و ڕێبەندان

کاتی خۆداپۆشینە
سەرما لێمان بەقینە

دەبێ خۆم باش داپۆشم
دوایی نەڵێم نەخۆشم

زستان لەلام پیرۆزە
گەرچی تووش و بزۆزە

بۆیەش پیرۆزە بۆمان
چونکی مانگی ڕێبەندان

لەنێو ئەم وەرزە دایە
بۆ کوردان وەک چرایە

ڕۆژی دووی ڕێبەندانە
هەموومان جێژنەمانە

ڕۆژی کوردی وشیارە
دامەزرانی کۆمارە

بەدەستی پێشەواوە
ئاڵای کوردان شەکاوە

(ڕەسووڵ سوڵتانی)



# ئەو باڵندانەی هەڵنافڕن کامانەن؟

### وشتر مەل

ئەم باڵندەیە باڵەکانی زۆر لەوە بچوکترە کە بتوانێ پێی بفڕێ. ئەم باڵندەیە لە مرۆڤ درێژترە و گەورەترین باڵندەی جیهانیشە. ئەوان کاتێ کە دەکەونە مەترسیەوە، بەخێراییەکی زیاتر لە خێرایی شێر رادەکەن.

### پەنگوین



ئەم گیاندارە بۆ مەلە کردن لە باڵەکانی کەڵک وەردگرێ و ناتوانێ پێی بفڕێ.
ئەم باڵندەیە مەلەوانێکی باشە و پێویستی بە هەڵفڕین نیە. پەنگوینەکان لە شوێنە ساردەکاندا دەژین و هەر بەو هۆیەوەیە کە ئەو گیاندارانەی کە لە سەر ویشکایی دەژین، ناتوانن لای ئەوان بژین.

# قایمیی تانی جاڵجاڵۆکە چەندەیە؟

تانی جاڵجاڵۆکە لە مووی سەری مرۆڤ ناسکترە، بەڵام لە بە هێزترین مەوادەکان پێک هاتوە.
هەر بەم هۆیەوەیە کە زانایان پێی دەڵێن : تانی ناسکتر لە موو و بەهێزتر لە پۆڵا.
تانی جاڵجاڵۆکە ئەوەندە بە هێزە کە لە بەرامبەر با و بارانی زۆر بەهێزیشدا دەتوانێ خۆی رابگرێ.
جاڵجاڵۆکە بە هۆی ئەم تانەوە دەتوانێ راوی خۆی بکا و بە کەیفی خۆی شت بخوا.

ئازاد





# داری کۆلکە زێڕینە

داری کۆلکە زێڕینە ناوی دارێکە لە بنەماڵەی داری «ئوکالیپتوس» کە لە کۆریای باکووردا دەڕوێ. ئەو دارە بە شێوەیەکی سروشتی لە وڵاتانی بریتانیا و گینە و میندانائو دەڕوێ، بەڵام لە وڵاتانی وەک فیلیپین بۆ دروست کردنی لاپەڕەی تایبەت ئەو دارە دەڕوێنن.

درێژایی ئەو دارە ٧٠ میترە و جگە لە کەڵک وەرگرتن لە دارەکە بۆ لاپەڕەی تایبەت، بە هۆی رەنگاوڕەنگی لاشەی دارەکە وەک دارێکی زینەتیش کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

ئامادە کردنی: مینا

# باڵندەی بەلەنجەولار



تاووسەکان لە وڵاتانی هیند و پاکستان و سریلانکا دەژین، بەڵام بە هۆی ئەو جوانییەی کە هەیانە، لە زۆربەی باخچەی ئاژەڵانی هەموو وڵاتاندا و لە زۆربەی پارک و دارستانە کێویەکاندا ڕادەگیرێن.

تاووسەکان دەنگێکی گەورەیان هەیە و بەرزی باڵایان دەگاتە ٢ میتر و ٣٠ سانتی میتر، ئەوان بۆ تێر کردنی خۆیان گیا و بۆق و شەیتانۆکە و هێندێک گیانلەبەری بچوکی دیکە دەخۆن.

کلکی تاووسە مێیەکان لە کلکی تاووسە نێرەکان کورت ترو پڕەنگترە. ڕەنگی کلکیان سەوز یان شینێکی درەوشاوەیە کە جوانییەکی تایبەتی هەیە.

ئەدی بیستبووتان کە پەڕی تاووسی نێر درێژترین پەڕ لە نێو هەموو باڵندەکانە؟



ئامادە کردنی: مینا

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

بێگەرد عەلی پوور

## The opposites وانەی سێزدەیەم: دژەیەکەکان

A B C E F G H I J k L M N O P Q R S T U V W X Y Z



گەورە Big


بچوک Smal


گەرم Hot


سارد Cold


گەنج Young


پیر Old


خاوێن Clean


پیس Dirty


درێژ Tall


کورت Short


بەتاڵ Empty


پڕ Full



کۆن Old


نوێ New


جوان Beautiful



ناشیرین Ugly




# ئاواتی منداڵان



من ناوم پێشەوا نووریە و پۆلی شەشی سەرەتاییم، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ئەگەر کوردستان ئازاد بوو، بە ئوتومبێلی خۆم بگەرێمەوە رۆژهەڵاتی کوردستان.



من ناوم ئاگرین محەمەدیە و پۆلی ٣ی سەرەتاییم، گەورەترین ئاواتم ئەوەیە کە ببمە دکتوری چاو و بچمەوە رۆژهەڵاتی کوردستان و خزمەت بە خەڵکی بکەم



ئەمن دیار دۆستاڵی و پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم. گەورەترین ئاواتم ئەوەیە کە کوردستان رزگار بێ و بگەڕێمەوە نێو کەس و کاری خۆم.



من ناوم رزگار شاماتیە، پۆلی سێهەمی سەرەتاییم و گەورەترین ئاواتم ئەوەیە گەورەبم و ببمە دکتور بۆ خەڵک و نیشتمانەکەم.



ناوم فەرزین ئەحمەدپوورە، پۆلی ٢ی سەرەتایم و گەورەترین ئاواتم ئەوەیە ببمە ئەندازیاری کامپیوتێر.



ناوم موکریان چوکەڵییە، پۆلی ٢ی ناوەندییم و ئاواتم ئەوەیە ببمە دوکتور.



ناوم سارۆ جەزایرچی پۆلی ٦ی سەرەتاییم، ئاواتم ئەوەیە ببمە ئەندازیار.

# چی بچێنی ئەوە ئەدرووییەوە

کۆمەڵە میروولەیەک لە چاڵێکی بچکۆلەدا چەند دەنکە دانەویڵەیەکیان دۆزییەوە. لە کاتێکدا سەرقاڵی کۆکردنەوەی دەنکە دانەویڵەکان بوون، پەڵە هەورێکی رەش بەری ئاسمانی گرت و دایکردە رێژنە باران، ئاو لە هەموو لایەکەوە دەرژایە ناو چاڵەکەوە. ژیانی میروولەکان کەوتە مەترسیەوە، نەیاندەزانی کە چۆن خۆیان دەرباز بکەن و لە چاڵەکە بێنە دەرێ، کۆتریک کە لە ژێر لقە دارەکان و لە هێلانەکەی هەتروشکابوو، کە چاوی بەم دیمەنە کەوت یەکسەر دابەزییە خوارەوەو بە دەنووکەکەی چەند چڵەدارێکی فرێ دایە نێو چاڵەکەوە. میروولەکان بەوە لە مردن ڕزگار بوون و خۆیان گەیاندە بن چڵە دارێ. ئەوان وێڕای رزگاریی خۆیان هەوڵی گرتنەوەی دانەویڵەکانیشیان دەدا کە وەسەر ئاوەکە کەوتبوون.کۆترەکە بە دەنووکی دانەویلەکانی هەڵگرتەوە و بە شارە میروولەکەی گەیاندن، کۆترەکە دەیزانی میروولەکان شەکەت و تەزیوون و توانای گەڕانەوەیان بۆ شارەکەیان نیە، داوای لێکردن کە بە دەمیان چڵە دارەکەن توند بگرن، ئەوسا کۆترەکە بە دەنووکی ناوەڕاستی چڵە دارەکەنی یەک لە دوای یەکا گرت و توانی، بەم جۆرە توانی هەموو میروولەکان بگوازێتەوە بۆ شارەکەیان، میروولەکان زۆر زۆر سپاسی کۆترەکەیان کردو بەڵێنیان پێدا کە قەت چاکەی ئەویان لە بیر نەچێتەوە.

چەند رۆژ دوای ئەم رووداوە،

بەیانیەکیان هەندێ لە مێروولەکان گوێیان لە گمەگمی کۆترەکە بوو، هاوار و فیغانی لێ هەستابوو، زانیان تووشی کێشەیەک بووە. بە پەلە بە دەنگیەوە چوون، بینیان ئەوا پشیلەیەک خەریکە خۆی بگەیەنێتە هێلانەی کۆترەکەو بێچوە ساواکەی بخوا. کۆترەکەش لە دەرەوەی هێلانەکەی فرە فڕیەتی و ئارامی لێ هەڵگیراوە. مێروولەکان بە پەلە بۆ شارەکەیان گەڕانەوە و هەرچی مێروو هەبوو لە شارەکەدا هێنایان، هەر هەموویان دزەیان کردە نێو پێستی پشیلەکە و بەهەموو هێزێکیانەوە کەوتنە گەستنی جەستەی پشیلەکە.


پشیلەکە هەراسان بوو، ئۆقرەی لێبڕا، چەند جەستەی لە قەدی دارەکان دەخشاند و خۆی لە خۆڵ دەگەوزاندە. د هەر بێسوود بوو. ناچار تێی تەقاند و هەڵات و بەم چەشنە بێچوە کۆترەکان لە خواردن رزگاریان بوو و کۆترەکەش حەساوە.




کۆترەکە بەرامبەر ئەم کارەی مێروولەکان سپاسی کردن و بەڵێنی پێدان کە ئەویش تا ماوە چاکەی ئەوان لەبیر نەکا.

منداڵە ئازیزەکان، پیشینیانی ئێمەش راستیان گوتوە کە دەڵێن چی بچێنی ئەوە ئەدروویەوە.

جەواد حەمە بەگ


Start
Finish



## مامۆستا

بلێن مامۆستا : بژی
بژی بژی هەر بژی
هەر بژی ئەو چرایە
وەک باوک و دایک وایە
بە ناسکی و بە خەندە
دەڵێ: هیوام بڵندە
ئێوە هەمو تێبگەن
بۆ نیشتمان پێبگەن

دیاریی شاهین نموارە

## خۆشەویستیی نیشتمان

منداڵێکی دڵسۆزم
بۆ خاکی نیشتمانم

هەموو کاتێک لەبیرمە
ئاڵاکەی کوردستانم



ئاڵای من سەری بەرزە
دەیپارێزم بە گیانم


هیچ کات لە یادم ناچێ
وڵاتم... کوردستانم

بەڵێن بێ سەرکەوتوو بم
بە پێنوسی گیرفانم

خزمەتکاری وڵات بم
جوانی کەم نیشتمانم

ئازاد

## فێرگەی نەقاشی



## بە دڵی خۆتان بمرەنگێنن



# وڵاتەکەمان بناسین

## سەردەشت

سەردەشت یەکێک لە شارە خۆسەکانی کوردستانە کە لە پارێزگای ورمێ هەڵ کەوتوە.

ئەو شارە لە باکوور لەگەڵ پیرانشار، لە باشوور لەگەل بانە و لە باشووری رۆژئاوا لەگەل مەهاباد دراوسێیە.

خەڵکی سەردەشت موسوڵمانی سوننین، بە زاراوەی سۆرانیی موکریانی قسە دەکەن و حەشیمەتی ئەو شارە نیزیک ١٠٠ هەزار کەسە.

سەردەشت لە داوێنی چیای گردەسوور هەڵکەوتووە و کوێستانەکانی قەندیل لە باکووری خۆرئاوای سەردەشت هەڵکەوتوون.

بلفەت، هۆینەماڵ، زەردکە، سەری گۆمێ، تەرخان، برایم جەلال، چیای نستان، لەندی شێخان، داشان قەلا، جاسوسان، کاسە بەردی، چیای حاجی برایم و بەردەسپیان چەند چیایەکی سەرکەشی ناوچەی سەردەشتن.

دیمەنە سروشتیە بەناوبانگەکانی سەردەشتیش بریتین لە تاقگەی شەلماش و سەرچاوەی گڕاو کە سەرچاوەیەکی ئاوی کانزاییە و بۆ چارەسەری نەخۆشیی پیست کەڵکی



لێ وەدەگیرێ.

ئەگەر ناوێکیش لە کەسایەتییە مێژووییەکانی ئەو شارە بێنین، دەتوانین ئاماژە بە چەند ناوێکی وەک سەردار عەزیز خان موکری، زاوا و وەزیری شەڕی ناسرەدین شای قاجار، مەلا خەلیل گۆرەومەر، کەسایەتیی ئایینی و خەباتکار، مەلا ئاوارە شەلماشی، تێکۆشەری بەناوبانگی کوردایەتی و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات بکەین.

ژیوار

# دنیای منداڵان بە بۆنەی یادی لە دایکبوونی ئەو پەپوولانە پیرۆزباییان پێ دەڵێ



یادی لە دایکبوونی سیاکۆ قەزایی ١٣٩١/١٠/٢١




یادی لە دایکبوونی ڤیان یوسف زادە ١٣٩١/١٠/١٩



یادی لە دایکبوونی زەریا ئیبراهیمی ٢٠١٢/١٢/١٣



سارۆ جەزایرچی



هاوار محەممەدی



فرمێسک محەممەدپوور





هومام محەممەدی



ماردین مرادی



پەیام مەمەندی



سیاکۆ قەزایی



سیروان محەممەدپوور

# دنیای منداڵان

# Child's World



مائیدە ڕەسووڵ زادە



چاوەڕێ و ڤانێلا نەزمی



محەممەد ڕەسووڵ زادە



بێخود بێکەس



کەیوان شێرەپوور



عەبدولڕەحمان ڕەسووڵ زادە



دەوای نالی